

# خــــــــۆر

سەر هــەڵبڕە و بــڕوانە! بڕوانە ئاسـمان! دەبینی خۆر لە ئێجگار بەرزەوە و لە زۆر دوورەوە دیارە. تا بڵێی بەرزە و لەوانەی کە بە چاو دەبینرێن لە هەموویان بەرزترە.

خۆر چیمان بۆ دەکات؟

گەرمیمان دەداتێ. هەموو بەیانیەك کە هەڵدێ بە تیشکی زێڕینی هەتاوەکەی گەرممان دەکاتەوە. هاوینانیش گەرمیەکەی زۆرتر و بەتاوتر دەبێت، و زیاتر هەست بە گەرما دەکەین و لە گەرمیان ئارەقە بە ڕووماندا دەتکێتە خوارێ.

خۆر، هەروەها ڕووناکیمان دەداتێ. هەمووشمان تیشکی خۆرمان دیتووە، کاتێك کە لە ژوورێک دابین، ڕۆژ هەڵاتبێ و ژوورەکەش پەنجەرەی کرابێتەوە، تیشکی خۆر دەبینین کە تاڵ تاڵ دێتە ژوورەوە.
دایکم حەز بە تیشکی خۆر دەکات و هەموو بەیانیەک پەنجەرەکانی ماڵەوە دەکاتەوە بۆ ئەوەی تیشکی خۆر بێتە ژوورێ. هەمیشە دەڵێت:

« تیشکی خۆر میکرۆبی نەخۆشیەکان دەکوژێت » .

---

❊ ڕاقە



- خۆر: هەتاو، خۆرەتاو، ڕۆژی ئاسمان
- تاڵ: داو ( تاڵ تاڵ: داو داو ).
- سەر هەڵبڕە: سەرت بەرز کەوە
- بەتاو: بەهێز
- تیشک: تیرێژ، ڕووناکایی خۆر


Copyright © Kurdi.fi

❊ پرسیار و ڕاهێنان

1. کە ڕۆژ هەڵات دنیا چی لێ دێت؟ ..........................................................

..........................................................

..........................................................

2. دایک بۆچی پەنجەرەکان دەکاتەوە؟ ..........................................................

..........................................................

..........................................................

3. تیشکی خۆر سوودی چیە (بۆ چی باشە)؟ ..........................................................

..........................................................

..........................................................

---

❊ نیشانەی (%) لە بەر دەم ڕستەی ڕاست دابنێ و نیشانەی (√) لەبەردەم هەڵەکان دابنێ:

( ) بە هاوین سەرما زۆر دەبێت.

( ) خۆر گەرمی و ڕووناکیمان دەداتێ.

( ) تیشکی خۆر میکرۆب دەکوژێت.

( ) ڕووناکی خۆر لە شەویشدا زۆرە.



Copyright © Kurdi.fi 